# خەڵکی (یان فەرمووی: بەندەکان) حەشر دەکرێن لە ڕۆژی قیامەتدا، بە ڕووتی وخەتەنە نەکراوی وهیچ شتێکیان پێ نییە

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: فەرموودەیەکم پێ ووترا لە پیاوێکەوە کە لە پێغەمبەری خوداوە -صلی الله علیه وسلم- بیستوویەتی، وشترێکم کڕی، وپاشان شتومەکەکانم لەسەر پشتی دانا، وسەفەرم کرد بە درێژایی مانگێک بۆئەوەی پێی بگەم (بە پیاوەکە بگەم)، هەتاوەکو هاتم بۆ شام و عبداللەی کوڕی ئونەیسم دۆزیەوە، ووتم بە دەرگاوانەکە: پێی بڵێ: جابر لە دەرگایە، ووتی: کوڕی عبدالله؟ ووتم: بەڵێ، دەرچوو وپێی دەنا بەسەر جلەکەیدا -لە خێراییدا- وباوەشی پێمدا کرد، ومنیش باوەشم پێیدا کرد، ووتم: فەرموودەیەکم پێ ڕاگەیەندراوە کە تۆ بیستووتە لە پێغەمبەری خوداوە -صلی الله علیه وسلم- سەبارەت بە تۆڵەسەندنەوە (یان دیەکان:القِصاص)، ترسام لەوەی بمریت یان بمرم پێش ئەوەی ئەو فەرموودەیە ببیستم، ووتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلی الله علیه وسلم- کە دەیفەرموو: «خەڵکی (یان فەرمووی: بەندەکان) حەشر دەکرێن لە ڕۆژی قیامەتدا، بە ڕووتی وخەتەنە نەکراوی وهیچ شتێکیان پێ نییە»، ووتمان: ئایا (بُهْمًا:هیچ شتێکیان پێ نییە) -مانای- چییە؟ فەرمووی: «هیچ شتومەکێکیان پێ نییە -تەنها خۆیانن-، پاشان بانگیان دەکات بە دەنگێک ئەوەی لە دوور ونزیکە دەیبستێت، دەفەرموێت: (أنَا الملك)* ، (أنا الدَّيَّان)**، ونابێت هیچ یەکێک لە ئەهلی دۆزەخ، بچێتە نێو دۆزەخەوە لەکاتێکدا مافی هەبێت بەسەر کەسێک لە ئەهلی بەهەشت؛ هەتاوەکو مافەکەی بۆ وەردەگرمەوە، ونابێت هیچ یەکێک لە ئەهلی بەهەشت، بچێتە نێو بەهەشتەوە لەکاتێکدا مافی هەبێت بەسەر کەسێک لە ئەهلی دۆزەخەوە؛ هەتاوەکو مافەکەی بۆ وەردەگرمەوە، تەنانەت ئەگەر لێدانکیش بێت لە ڕوو»، ووتمان: چۆن ئەوە ڕوودەدات لە کاتێکدا ئێمە بە ڕووتی وخەتەنە نەکراوی وبێ ئەوەی هیچ شتێکمان پێ بێت دێین بۆ لای خوای گەورە؟ فەرمووی: «بە چاکە وخراپەوە -دێن-». *(واتە: من پادشام. المَلِك:ئەلمەلیک؛ ناوێکی خوای گەورەیە)، **(واتە: من ئەلدەیانم. الديان:ئەلدەیان: ناوێکی خوای گەورە واتا بەندەکانی ناچارکردووە بیپەرستن وگوێڕایەڵی بکەن، یان بە واتای ئەو زاتەی لێیان دەپرسێتەوە وبە دادپەروەی حوکم لە نێوانیان دەکات)

[حەسەنە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

جابری کوڕی عبداللەی ئەنساڕی باسی ئەوە دەکات کە بیستوویەتی عبداللەی کوڕی ئونەیس فەرموودەیەکی بیستووە لە پێغەمبەری خوداوە -صلی الله علیه وسلم- کە ئەو (جابر) نەیبیستووە، بۆیە وشترێکی کڕی وشتومەکەکانی لەسەر پشتی دانا، وسەفەری کرد بە درێژایی مانگێک هەتاوەکو گەیشتە شام وچوو بۆ لای عبداللەی کوڕی ئونەیس، بە دەرگاوانەکە ووتی: پێی بڵێ: جابر لە دەرگایە، عبداللەی کوڕی ئونەیس ووتی: کوڕی عبدالله؟ جابر ووتی: بەڵێ، بەپەلە دەرچوو بۆ لای وپێی دەنا بە سەر جلەکەیدا لە خێراییدا، وباوەشیان بەیەکتردا کرد، جابر پێی ووت: دەزانم فەرموودەیەکت بیستووە لە پێغەمبەری خوداوە -صلی الله علیه وسلم- سەبارەت بە تۆڵەسەندنەوە (یان دیەکان:القِصاص)، ترسام لەوەی بمریت یان بمرم پێش ئەوەی ئەو فەرموودەیە ببیستم، (عبدالله) ووتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلی الله علیه وسلم- کە دەیفەرموو: (خەڵکی حەشر دەکرێن لە ڕۆژی قیامەتدا، بە ڕووتی وخەتەنە نەکراوی وهیچ شتێکیان پێ نییە)، ووتمان: ئایا (بُهْمًا:هیچ شتێکیان پێ نییە) -مانای- چییە؟ فەرموی: (هیچ شتومەکێکیان پێ نییە -تەنها خۆیانن-): واتا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا کۆیان دەکاتەوە بۆئەوەی لەسەر کردەوەکانیان لێپرسینەوەیان لێبکات، و لەسەر کردەوەکانیان پاداشتیان بداتەوە، بۆیە بەخەتەنە نەکراوی دێن هەروەکو چۆن کاتێک لەدایکبوون، وهیچ شتومەکێکی دونیایان پێ نییە. پاشان فەرمووی: (پاشان بانگیان دەکات بە دەنگێک): بانگکردن تەنها بەهۆی دەنگەوەیە وتەنها بە دەنگیش دەکرێت وخەڵکی بانگکردن نابیستن ئەگەر بە دەنگ نەبێت بۆیە لێرەدا باسی دەنگ کراوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر بانگکردنەکە، وئەمیش لە ئەوپەڕی ڕوونیدایە کە خوای

گەورە قسە دەکات بە قسەیەک کە لێی دەبیسترێت، ودەنگی هەیە، بەڵام لە دەنگی بوونەوەرەکان ودروستکراوەکان ناچێت. بۆیە فەرمووی: (ئەوەی لە دوور ونزیکە دەیبیستێت): ئەمەش سیفەتێکی دەنگی خوای گەورەیە، بەڵام دەنگی بوونەوەرەکان تەنها کەسە نزیکەکان لێوەی دەیبیستن بە پێی لاوازی وبەهێزی دەنگی بوونەوەرەکە، ودەقی زۆر لەسەر ئەم بابەتە هاتووە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا}[الأعراف: 22] واته: {پەروەردگاریان بانگی هەردووکیانی کرد ئایا ئەو درەختەم قەدەغە نەکرد لێتان}، {وَنَادَيْنَاهُ مِن جَانِبِ الطُّورِ الأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَاهُ نَجِيًّا}[مريم: 52] واته: {وە ئێمە ئەومان بانگ کرد لەلای ڕاستی کێوی طورەوە وە ئەو(موسا)مان نزیک کردەوە تا قسەی لەگەڵ بکەین}، {وَإِذْ نَادَى رَبُّكَ مُوسَى أَنِ ائْتِ الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ}[الشعراء: 10] واته: {(باس بکە ئەو کاتەی پەروەردگارت بانگی موسای کرد کە (بە پێغەمبەری) بڕۆ بۆ لای ئەو گەلە ستەمکارە}. (دەفەرموێت: -أَنَا الملك-* ، -أنا الدَّيَّان-**): واتا ئەم بانگکردنە هەموو دەیبیستێت دوور ونزیک وەکو یەک، خوای گەورە پادشایە -الملك-ە ومولْک وخاوەندارێتی هەموو شتێک لە ژێر دەستی ئەودایە لە ئاسمانەکان وزەوی وئەوەی لە نێوانیاندایە، وخوای گەورە ناوی -الديان-ە واتا لێپرسینەوە لە بەندەکان دەکات بە پێی کردەوەکانیان، ئەوەی کردەوەی خێری ئەنجامدا بێت بە باشترین شێوە پاداشتی دەداتەوە، وئەوە کردەوەی خراپی ئەنجامدا بێت بەو شێوەی شایستەیە سزای دەدات، پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: (ونابێت هیچ یەکێک لە ئەهلی دۆزەخ، بچێتە نێو دۆزەخەوە لەکاتێکدا مافی هەبێت بەسەر کەسێک لە ئەهلی بەهەشت؛ هەتاوەکو مافەکەی بۆ وەردەگرمەوە، ونابێت هیچ یەکێک لە ئەهلی بەهەشت، بچێتە نێو بەهەشتەوە لەکاتێکدا مافی هەبێت بەسەر کەسێک لە ئەهلی دۆزەخەوە؛ هەتاوەکو مافەکەی بۆ وەردەگرمەوە، تەنانەت ئەگەر لێدانێکیش بێت لە ڕوو): واتا خوای گەورە بە دادپەروەری حوکم وفەرمانڕەوایی لە نێوان بەندەکان دەکات، وئەو هەقەی ستەملێکراو هەیە لە لای ستەمکار لێی وەردەگرێتەوە، بۆیە هیچ یەکێک لە ئەهلی دۆزەخ ناچێتە دۆزەخەوە ئەگەر مافی هەبێت بەسەر کەسێکەوە لە ئەهلی بەهەشت؛ هەتاوەکو مافەکەی بۆ وەردەگرێتەوە، وئەمیش لە ئەوپەڕی کامڵی دادپەروەری خوای گەورەیە -سبحانە وتعالی- چونکە کافر وستەمکار هەرچەندە دەچنە نێو دۆزەخەوە بەڵام ستەمیان لێناکرێت، ئەگەر مافیان هەبێت بەسەر کەسێک لە ئەهلی بەهەشت مافەکەی بۆ وەردەگیرێتەوە، وبە هەمان شێوە بۆ ئەهلی بەهەشت، هاوەڵان ووتیان بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- : چۆن خەڵکی مافەکانیان وەردەگرنەوە لە کاتێکدا هیچ شتومەکێکی دونیایان پێ نییە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (بە چاکەکان وخراپەکان) واتا مافەکان وەردەگیرێتەوە بەوەی ستەملێکراو لە کردەوە چاکەکانی ستەمکار دەبات؛ ئەگەر ستەمکارەکە چاکەی نەما ئەوا خراپەکانی ستەملێکراوەکە دەهێنرێت ودەکرێتە سەر خراپەکانی ستەمکارەکە وپاشان فڕێ دەدرێتە نێو دۆزەخەوە، هەروەکو لە فەرموودەیەکدا هاتووە. *(واته: من پادشام. المَلِك:ئەلمەلیک؛ ناوێکی خوای گەورەیە)، **(واته: من ئەلدەیانم. الديان:ئەلدەیان: ناوێکی خوای گەورە واتا بەندەکانی ناچارکردووە بیپەرستن وگوێڕایەڵی بکەن، یان بە واتای ئەو زاتەی لێیان دەپرسێتەوە وبە دادپەروەی حوکم (لە نێوانیان دەکات

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8319

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee